## ژمارەی تاکەکەسی ئێستا ئیتر بەبێ داواکردنیش دەدرێت ئەگەر ئیقامەی فینلەندی پێت بدرێت

ئەگەر مافی مانەوە لە فینلەندا پێت بدرێت (ئیقامە، پەنابەرێتی یان هاوڵاتیەکانی تۆمارکراوی یەکێتیی ئەوروپا) ٢٠١٩/٢/١ یان دوای ئەوە، ئەوکاتە بە ئۆتۆماتیکی لەسەر تۆماری نفووسی فینلەندا تۆمار دەکرێیت. هاوکات ژمارەیێکی تاکەکەسیی فینلەندیش پێت دەدرێت.

بەڵام پێویستە کە شەرت و مەرجەکانی تۆمارکردنەوە لە ئارادابن. بۆ نموونە پێویستە کە ناسنامەکەت لە لایەن کاربەدەستانی فینلەنداوە ناسرابێتەوە.

پێشتر خۆتۆمارکردنەوەیێکی جیاواز پێویست بوو.

## ژمارەی تاکەکەسی تەنیا جارێک دەدرێت

ئەگەر پێشتر ژمارەیێکی تاکەکەسی لە فینلەندا پێت درابێت، ئەو ژمارەیە لەسەر داواکاریەکەت بۆ ئیقامە بنووسە. ژمارەی تاکەکەسی کۆن نابێت، و ئەوە تەنیا جارێک دەدرێت.

## ژمارە تاکەکەسیەکەت لەسەر کارتی ئیقامەت یان کارتی مانەوەت نووسراوە

دەتوانیت لەسەر کارتی ئیقامەت، کارتی مانەوەت یان لاپەڕی تۆمارکردنی ناوەندی تۆماری نفووس ژمارە تاکەکەسیەکەی خۆت ببینیت. لاپەڕەکە لەگەڵ بڕیارەکەت پێت دەدرێت.

## دەبێت خۆت لە فەرمانگەی نفووس تۆماری بکەیت (maistraatti)

وەرگرتنی ژمارەی تاکەکەسی بە ئۆتۆماتیکی مانای ئەوە نیە کە وەکوو دانیشتووی شارێک تۆمار کراویت واتە بەوە ناکرێت بە دانیشتووی شارێک. بۆ کە بە فەرمی ببیت بە دانیشتووی شارێک پێویستە خۆت لە فەرمانگەی نفووسی شارەکەی خۆت تۆمار بکەیت.